# بایەخی هۆکاری کولتووری لەسەر گرفتی گەندەڵی ئیداری

## لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری رانیە

هیوا حاجی خدر
مامۆستای یاریدەدەر- کۆلیجی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین

### پێشەکی

رەنگە زیادەڕۆیی نەبێ ئەگەر پرسی یان ڕاستتر بڵێین گرفتی گەندەڵی ئیداری بە یەك لەو تەحەدییە هەرە گەورانە بزانین کە بەرەو ڕووی دامودەزگاو پرۆژە وەبەرهێن و خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە.

گەندەڵی ئیداری لە سەردەمی ئێستادا و بە تایبەتیش لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم و ئەو کومەڵگایانەی بە قۆناغی گواستنەوەو دووبارە بنیاتنانەوەی نیشتمانیدا دەڕۆن بووەتە بەربەستێکی مەترسیدار لە بەردەم هەوڵەکانی گەشەپێدانی ئابووری و چەسپاندنی کوڵەگەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

بە دڵنیاییەوە هۆکارەکانی گەندەڵی ئیداری زۆرن لەوانە نەبوونی سیستەمێکی ئیداری مۆدێرن کە لە سەر بنەماکانی شەفافیەت، لێپێچانەوە و بەرپرسیاریەتی دامەزرابێ. لاوازی یان نەبوونی چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی دیموکراتی و ڕوون سەبارەت بە فەلسەفەی بەڕێوەبردنی وڵات و نەبوونی دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆ و باری نالەباری ئابووری کۆمەڵگاو لاوازی یانیش نەبوونی راگەیاندنێکی سەربەخۆ و چەندین هۆکاری تریش لە پشت ئەم گرفتەوەن.

هۆکاری کولتووری واتە سروشتی بەها کۆمەڵایەتی و پێوەرە کولتوورییەکان، باری پەیوەندییە خزمایەتی و چینایەتییەکان، ڕوانگەی ئاین و پیاوانی ئایینی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دامودەزگا فەرمیەکان لە تەك هۆکارەکانی تر بایەخی گرنگیان هەیە لە دروستبوونی گەندەڵی ئیداری و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی و لە هەندێ باریشدا بە پێچەوانەوە یارمەتیدەر دەبن لە کەمبوونەوەی گەندەڵی و بەڕێوەچوونی ڕێکوپێکی کارەکان لە دامودەزگا دەوڵەتیەکان.

کەواتە هەر هەوڵدانێکی سۆسیۆلۆجی بۆ تێگەیشتن لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و لە ناویشیاندا گرفتی گەندەڵی ئیداری بەبێ گەڕانەوە بۆ سروشتی کولتووری باو و دەسەڵاتدار بە سەر رەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا، رەنگە دەرئەنجامی راستەقینە و سودمەندی لێنەکەوێتەوە. جا لێرەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ لێنزیکبوونەوەیەکی کولتووری لە بابەتی لێکۆڵینەوەکە.

**پێناسەی گەندەڵی ئیداری**

رەنگە یەكێك لە نزیكترین و گونجاوترین پێناسە بۆ چەمكی گەندەڵی وەك لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەكارهاتووە بریتی بێت لە پێناسەكەی فیتو تانزی Vito Tanzi كە دەڵێت ((گەندەڵی بریتیە لە پێشێلكردنی پرەنسیپی تەحەفوز واتە جێبەجێنەكردنی وەكیەكی رێساكانی كار لە مامەڵەكردن لەگەڵ لایەنە جیاوازەكاندا، ئەمەش لەپێناو بەدەستهێنانی سودی تایبەتی بۆ خودی كەسەكە یان بۆ كەسە پەیوەنددارەكان بەو كەسەوە))[١].

**ئەم پێناسەیەی سەرەوە چەند توخمێكی گرنگ لە خۆ دەگرێت لەوانە:**

١- بوونی چەند پرەنسیپێكی گرنگ لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا دەوڵەتیەكان لە ناویشیاندا پرەنسیبی پابەندبوون بە رێسا گشتیەكان، لەمەوە گەندەڵی بەو رەفتارە دەوترێت كە دژیەكی لەگەڵ ئەم پرەنسیپانەدا هەبێ.

٢- بێلایەننەبوون لە مامەڵەكردن لەگەڵ كەسە پەیوەندارەكان بە دامودەزگاكانەوە، لێرەوە كارمەندی گەندەڵ لە سەر بنەمای سیاسی یان نەتەوەیی یان ئایینی یان خێلایەتی یان ناوچەییی یان... جیاوازی لە نێو خەڵكی بەڕەوا دەزانێت.

٣- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سودی تایبەتی بە رێگای ناشەرعی جا دەگونجێ ئەم سودە بۆ خودی كەسەكە بێت هەروەها دەشێ مەبەستیش خزمان یان هاوڕێ نزیكەكانی كارمەندە دەوڵەتیەكان بن.

٤- گەندەڵی بە پێی ئەم پێناسەیە مەودایەكی فراوانی رەفتارو هەڵسوكەوتی فەرمانبەرانی دەوڵەتی دەگرێتەوە وەك بەرتیل وەرگرتن بۆ ئاسانكردن و بەڕێوەچوونی كارەكان، دامەزراندنی كوڕ و كچی خزمان لە دامودەزگاكان، سپاردنی جێبەجێكردنی پرۆژە ئابوری و خزمەتگوزاریەكان بە كەسانی نەشیاو، رەچاونەكردنی پرەنسیپی مونافەسەی ئازاد لە نێوان ململانێكاران تا دەگاتە پێدانی پارەی یەكجار زۆر بە بەرپرسە باڵاكانی وڵات لە هەر سێ دەسەڵاتەكانی دەوڵەت ( یاسایی، جێبەجێكاری و دادوەری) ئەمەش بۆ دەرهێنان و جێبەجێكردنی ئەو یاسایانەی خزمەتی خاوەن كۆمپانیاو پرۆژە گەورەكان دەكات.

**ئامانجەكانی لێكۆڵینەوە**

ئەم لێكۆڵینەوەیە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی لای خوارەوە دەدات:

١- زانینی رادەی بایەخی هۆكاری كولتووری لە نێو هۆكارەكانی تری گەندەڵی وەك هۆكاری سیاسی و هۆكاری ئیدرای و هۆكاری نەبوونی راگەیاندنی سەربەخۆ و...

٢- هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی هۆكاری كولتووری و بایەخی پەیوەندییە خزماتییەكان و دابونەریت و بەها خێلایەتی و ئایینیەكان لەسەر ئەم گرفتە.

٣- دیاریكردنی ئامانجەكانی گەندەڵی، واتە ئایا خەڵكی بۆ بەدیهێنانی هەندێ لە مافە یاساییەكانی خۆیان پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن یان لە بەر نەبوونی یاساگەلێكی دادپەروەرانە یان لەبەر بێمتمانەییان بە فەرمانبەرانی دەوڵەت.

٤- زانینی ئەو ڕوخسار و دەركەوتانەی گەندەڵی كە زۆر بڵاون لە كۆمەڵگای لێكۆڵینەوەكە.

**كۆمەڵگای لێكۆڵینەوە**

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە شاری (رانیە) لـە دەڤـەری بیتـوێن لـە پارێزگـای سـلێمانی ئـەنجام دەدرێـت و مەبەستیش یان هۆكارەكانی هەڵبژاردنی ئەم شارە بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگەرێتەوە:

١- پێگـــەی ســـتراتیژی شـــارەكە لـــە رووی بازرگانیەوە كە دەكەوێتـە نزیـك سـنووری هـەرێمی كوردستان و ولاتی كۆماری ئیسلامی ئێران بەمـەش ئەم ناوچەیە بـەردەوام شـوێنی راكێـشانی بازرگانـان بووە، بۆیە رەنگـە لـە ژینگەیەكـەی ئـاوادا ئەگـەر هۆكارەكانی تری گەندەڵی بەهێز بن كەشـێكی لـەبار برەخسێ بۆ بلاوبوونەوەی گەندەڵی.

٢- لەماوەی رابردوودا بەتایبەتیش لە دو سـاڵی رابـردوودا دیـسان ئـەو شـارە چـەند پرۆژەیـەكی خزمەتگوزاری و ئاوەدانكردنەوەی تێدا بەرێوەدەچێت كـە ئەمانــەش دیــسان لــە غیــابی بەربەســتەكانی گەندەڵی مەترسیدارن.

٣- زاڵبوونی تارادەیەك زۆری بەها كولتووریەكان و پەیوەندییە خیلایەتی و ناوچەییەكان بە سەر رەفتار و كۆی هەڵوێـستی تاكەكەسـان لـە شـارەكەدا و لـە ناویشیاندا فەرمانبەرە فەرمیـەكان بەمـەش دەبێتـە ژینگەیەكی لەبار بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی لـەو بابەتە.

**نموونەی لێكۆڵینەوە**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی لێكۆڵینەوە پـشتمان بە جۆری نموونـەی مەبەسـتداری پـشكی (حصـصی) بەسـتووە بـە شـێوەیەك هەوڵمانـداوە كـە نموونـەی لێكۆڵینەوەكە لە لایەك ژمارەیەك لـە فەرمانبـەرانی دامودەزگا حكومییـەكان بگرێتـەوە كـە رێژەكـەیان گەیشتە (٣٥٪) نموونەكە هەروەها لە لایەكی تـریش ژمارەیەكی زیاتر لە موراجیعی ئەم دەزگایانە لە خۆ بگرێت كە دیسان ئەمانەش رێژەكـەیان (٦٥٪)، لـە هەمان كاتییشدا بە پەرۆشیشەوە بـووین بـۆ ئـەوەی نموونەی لێكۆڵینەوە ئەندامانی ناو پارتە سیاسـیەكان و دەرەوەی ئەو پارتانە لەگەڵ هەردوو رەگـەز (نێـر و مێ) بە جیاوازی ئاستی خوێندەوارییان لـەخۆبگرێت لە داموودەزگا فەرمیە جیاوازەكانی ئـەم شـارە كـە پەیوەندییـــەكی راســـتەوخۆیان بـــە كاروبـــاری هاولاتیانەوە بووە وەك فەرمانگەی تاپۆو خانووبـەرە، پەروەردەی رانیە، فەرمانگـەی نفـوس، رەگەزنامـە، پاسپۆرت و ...هتد .

**یەكەم: خستنەرووی زانیارییەكانی تایبەت بە نموونەی لێكۆڵینەوەكە:**

١- رەگەز:

زۆربەی ئەندامانی نموونەی لێكۆڵینەوە بە رێـژەی (٦٩٪) لە رەگەزی نێرن، بەڵام رەگەزی مێینە رێژەی (٣١٪) پێكـدێنێت. رەنگـە ئـەم جیاوازییـەش لـە هەردوو رێژەكـەدا بـۆ ئـەو راسـتیە بگەرێتـەوە كـە زۆربـــەی مامەڵـــە ئیدارییـــەكان لـــە كۆمـــەڵگای لێكۆڵینـــەوە لەلایـــەن پیاوانـــەوە ئـــەنجام دەدرێـــن لێرەشـــەوە زۆربـــەی موراجیعـــەكان لـــە دامـودەزگـا حكومیەكان لـە رەگـەزی نێـر دەبـن، بۆیـەش ئـەم رەگەزە زۆربەی نموونەكـە پێكـدێنت. (خـشتەی (١) رەگەزی ئەندامانی نموونەكە نیشاندەدات).

**خشتەی (١)**

**ڕەگەزی ئەندامانی نموونەکە نیشاندەدات**

| وەلامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٣٨ | ٦٩ |
| مێ | ٦٢ | ٣١ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

**٢- ئاستی خوێندەواری:**

ڕێـــژەی (١,٥٪) ئەنـــدامانی لێکۆڵینـــەوە نەخوێندەوارن، ئەوانەی خوێندنی سەرەتاییان تەواو کردووە ڕێژەیان دەگاتە (٧,٥٪)، بەڵام ئەوانەی خوێنـدنی دواناوەنـدییان تێپەڕانـدووە ڕێـژەیان (٤١,٥٪)ە، ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرترین ڕێژە ئەوانەن کە خوێندنی زانکۆ و پەیمانگایان تەواو کـردووە کـە ڕێژەکـەیان (٤٩,٥٪) نموونـەی لێکۆڵینەوەکەیە، ڕەنگە بەرزی ئەم ڕێژەیەش لە هەردوو توێژەکەی دواییدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نموونەکە ڕێژەیەکی دیاریکراوی لە کارمەندانی حکومی تێدایە کە ئەمانە بەزۆری ئەوانەن کە لەڕووی خوێندەوارییەوە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان یان بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی دواناوەندیان هەیە. (خشتەی -٢- ئاستی خوێندەواری نموونەکە نیشاندەدات).

**خشتەی (٢)**

**ئاستی خوێندەواری نموونەکە نیشاندەدات**

| وەلامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٣ | ١,٥ |
| سەرەتایی | ١٥ | ٧,٥ |
| دواناوەندی | ٨٣ | ٤١,٥ |
| زانکۆ و پەیمانگا | ٩٩ | ٤٩,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

**٣- ئەندامێتی لە پارتە سیاسیەکان:**

**خشتەی (٣)**

**ئەندامێتی پارتە سیاسیەکان ڕووندەکاتەوە**

| وەلامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦١ | ٣٠,٥ |
| نەخێر | ١٢٥ | ٦٢,٥ |
| بێ وەلام | ١٤ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ئەندامن لە پارتە سیاسیەکان دەگاتە (٣٠,٥٪) بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی پارتە سیاسیەکانن ڕێژەیان (٦٢,٥٪)ی نموونەکەیە، ئەمە لە کاتێکدایە ئەوانەی کە وەڵامێکیان نەبووە ڕێژەکەیان دەگاتە (٧٪). ئەم ڕێژانەش گونجاون و یارمەتیدەر دەبن بۆ زانینی کاریگەریی ئەندامێتی لەناو پارتە سیاسیەکان لەسەر وەڵامی تاکەکانی نموونەکە. (خشتەی (٣) ئەمە ڕووندەکاتەوە).

## دووەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوە

**ئامانجی یەکەم: زانین یان دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی بەرپرسن لە گەندەڵی**

ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە نیشاندەدەن کە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی نموونەکە بەرێژەی (٨١,٥٪) پێیانوایە کە تەدەخولی حیزبەکان لە کاروباری ئیداری هۆکاری سەرەکی گەندەڵیە لە ناوچەکەیاندا. پاش ئەم رێژەیە ئەوانە دێن کە نەبوونی لێپێچینەوە و شەفافیەت بە هۆکاری گەندەڵی دەزانن کە ئەمەش رێژەیان دەگاتە (٧٠,٥٪). هەروەها هۆکاری کولتووری کە خۆی لە گرنگیدان و ئەولەویەتدان بە پەیوەندییە خزمایەتیەکان و زاڵبوونی بەها خێڵایەتیەکاندا دەبینێتەوە رێژەی (٤٥,٥٪) و (٢٦,٥٪)ی وەڵامەکانی نموونەکە پێکدێنن. دوای هۆکاری کولتووری تاکەکانی نموونە لاوازی رۆڵی دادگاکان بە فاکتەرێکی هاوبەش دادەنێن لە تەفسیرکردنی هۆکارەکانی گەندەڵی کە ئەمانەش رێژەیان دەگاتە (٤٥٪) وەڵامەکان. لە کۆتاییشدا هەردوو رێژەی (٣٢,٥٪) و (٣٢٪) دێن کە نەبوونی راگەیاندنی سەربەخۆ و بێمتمانەیی بەکارمەندانی دەوڵەت یەك لە دوای یەك بە هۆکاری گەندەڵی دەزانن. ( خشتەی -٤- ئەمە نیشاندەدات).

لە پاڵ ئەم هۆکارانەی سەرەوەدا کۆمەڵێ هۆکاری تریش لەلایەن تاکەکانی نموونەکەوە ئاماژەیان پێدراوە وەك کەمی موچە و بارودۆخی خراپی فەرمانبەران، نەبوونی خولی راهێنان و فێرکردن بۆ کارمەندانی حکومەت، هەروەها نەبوونی رێنمایی پێویست و تازە بۆ ئاراستەکردنی فەرمانبەران ...هتد

**خشتەی (٤)**

**هۆکارەکانی گەندەڵی نیشاندەدات لەدیدی تاکەکانی نموونەکە**

| وەڵامەکان | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تەدەخولی حیزبی لە کاروباری ئیداری | ١٦٣ | ٢٤,٤٣ |
| نەبوونی لێپێچانەوە و شەفافیەت | ١٤١ | ٢١,١٣ |
| گرنگیدان و ئەولەویەتدان بە پەیوەندییە خزمایەتییەکان | ٩١ | ١٣,٦٤ |
| لاوازی رۆڵی دادگاکان | ٩٠ | ١٣,٤٩ |
| نەبوونی راگەیاندنی سەربەخۆ | ٦٥ | ٩,٧٤ |
| بێمتمانەیی خەڵك بە کارمەندانی حکومەت | ٦٤ | ٩,٥٩ |
| زاڵبوونی بەها ئەخلاقیەکان | ٥٣ | ٧,٩٤ |
| کۆی گشتی | ٦٦٧ | ٩٩,٩(*) |

**ئامانجی دووەم: زانینی رادەی کاریگەریی هۆکاری کۆمەڵایەتی- کولتووری لەسەر گرفتی گەندەڵی ئیداری**

بۆ تێگەیشتن لە بایەخ و ئاستی هۆکاری ناوبراو، هەوڵمانداوە چەند پرسیارێك کە پەیوەندارن بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری رووبەڕووی ئەندامانی نموونەکە بکەینەوە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- پەیوەندییە خزمایەتیەکان و گەندەڵی:**

ئەنجامەکانی پرسیاری پەیوەندار ئەوە دەردەخەن کە زۆرینەی ئەندامانی نموونەکە بەرێژەی (٦٣,٥٪)

پێیانوایە کە پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان موراجیع لەلایەك و فەرمانبەران و بەڕێوەبەرانی دەزگاکان لەلایەکی تر کاریگەریی سلبی لەسەر بەڕێوەچوونی کارەکان هەیە، ئەوانەش کە پێیانوایە ئەم پەیوەندییانە هەندێجار کاریگەریان هەیە ڕێژەیان دەگاتە (٣١٪)، هەروەها ڕێژەیەکی زۆر کەم (٤٪) نکوڵی لەم کاریگەرییە دەکەن، لە کۆتاییشدا بێ وەڵامەکان دێن کە ڕێژەکەیان (١,٥٪)ی نموونەکەیە. (خشتەی -٥- ئەمە ڕووندەکاتەوە).

**خشتەی (٥)**

**کاریگەریی سلبی پەیوەندیە خزمایەتییەکان لەسەر بەڕێوەچوونی کارەکان نیشاندەدات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١٢٧ | ٦٣,٥ |
| بەڵێ هەندێجار | ٦٢ | ٣١ |
| نەخێر | ٨ | ٤ |
| بێوەڵام | ٣ | ١,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

بە سەرنجدان لە خشتەی (٥) دەبینین کە ڕێژەی (٩٤,٥٪)ی نموونەکە لەگەڵ ئەوەدان کە پەیوەندییە خزمایەتیەکان هەمیشە یان هەندێجار کاریگەریی سلبیان لە باش بەڕێوەچوونی کاروباری هاوڵاتیان هەیە لە دامودەزگا فەرمیەکاندا، ئەمەش نیشاندەری بەهێزی ڕادەی ئەم پەیوەندییانە بەسەر ڕەفتاری کارمەندانی حکومی.

**٢- جێبەجێکردنی کاروباری خزمان و سزای کۆمەڵگا:**

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخەن ڕێژەی هەرە زۆری نموونەکە کە دەگاتە (٤٧,٥٪) پێیانوایە کە جێبەجێنەکردن یان بەخێرایی جێبەجێنەکردنی کاروباری خزم و ناوسیاوان سزای کۆمەڵایەتی بەدواوەیە بۆ سەر کارمەندانی دەزگا فەرمیەکان و، ئەوانەی بە هەندێجار وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیان بریتییە لە (٣٦٪)، بەڵام ئەوانەی وەڵامی نەخێریان هەڵبژاردووە ڕێژەکەیان تەنها (١٦٪)ە، ئەمە لە کاتێکدایە کە کەمترین ڕێژە واتە (٠,٥٪) هیچ وەڵامێکیان نییە. (خشتەی -٦- ئەمە نیشاندەدات)

**خشتەی (٦)**

**سزای کۆمەڵگا بۆ جێبەجێنەکردنی کاروباری خزمان نیشاندەدات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ٩٥ | ٤٧,٥ |
| بەڵێ هەندێجار | ٧٢ | ٣٦ |
| نەخێر | ٣٢ | ١٦ |
| بێوەڵام | ١ | ٠,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

بە تێڕوانین لە خشتەی سەرەوە دەبینین کە ڕێژەی (٨٣,٥٪) نموونەکە پێیانوایە کە کارمەندانی حکومەت بەرەورووی سزای خزم و کەسیان دەبنەوە ئەگەر بە پەرۆشەوە کاروبارەکانیان رانەپەڕێنن لەکاتی سەردانیان بۆ دامودەزگا فەرمیەکان، ئەم سزایانەش ڕەنگە شێواز و پلەی جیاواز وەربگرن هەر لە گلەیکردنێکی سادەوە بگرە تا تەنانەت پچڕانی ئەو پەیوەندیانەش.

### ٣- هۆشیاری کۆمەڵایەتی- نەتەوەیی و خراپ بەڕێوەچوونی کارەکان

ئەنجامەکانی پرسیاری پەیوەندار ئەوە نیشاندەدەن کە زۆربەی ئەندامانی نموونەکە بەڕێژەی (٧١٪) پێیانوایە کە نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کاریگەریی سلبی لەسەر بەڕێوەچوونی کاروباری دەزگا فەرمییەکان هەیە، ئەوانەی هەندێجار لەگەڵ ئەو ڕایەدان ڕێژەیان دەگاتە (٢٠,٥٪)، بەڵام ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیان (٧٪) تێپەر ناکات، لە کاتێکدا ڕێژەی بێ وەڵامەکان کەمترینە کە دەگاتە (١,٥٪). (خشتەی -٧- ئەمە ڕووندەکاتەوە)

**خشتەی (٧)**

**کاریگەریی نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی- نەتەوەیی لەسەر خراپ بەڕێوەچوونی کارەکانی دامودەزگا فەرمیەکان ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١٤٢ | ٧١ |
| بەڵێ هەندێجار | ٤١ | ٢٠,٥ |
| نەخێر | ١٤ | ٧ |
| بێوەڵام | ٣ | ١,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی (٧) ئەوە نیشاندەدات کە زۆربەی هەرە زۆری نموونەکە بەڕێژەی (٩١,٥٪) پێیانوایە کە نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی- نەتەوەیی هۆکارێکی سەرەکیە لە خراپ بەڕێوەچوونی کاروباری دەزگا فەرمیەکان. مەبەستیش لە نزمی ئاستی ئەو هۆشیارییە، سەروەری بەها خێڵایەتییەکان و لاوازی هەستی نیشتیمانپەروەریە لەلای هاوڵاتیان و کارمەندانی دەوڵەت.

### ٤- هۆکاری مادی (دەوڵەمەندی موراجیع) و کاریگەریی لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیان:

**خشتەی (٨)**

**کاریگەریی هۆکاری ماددی لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیان نیشاندەدات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١١٨ | ٥٩٪ |
| بەڵێ هەندێجار | ٥٣ | ٢٦,٥٪ |
| نەخێر | ٢٦ | ١٣٪ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی ئەندامانی نموونەکە بە ڕێژەی (٥٩٪) پێیانوایە کە دەوڵەمەندی موراجیع کاریگەریی لەسەر ئەوە هەیە کە مامەڵەیەکی باشتری لەگەڵدا بکرێت لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەت، لەدوای ئەمانەش ڕێژەی ئەوانەی کە بە (هەندێجار) وەڵامیانداوەتەوە دەگاتە (٢٦,٥٪)، بەڵام ئەوانەی نکوڵی لەم کاریگەرییە دەکەن ڕێژەیان بریتییە لە (١٣٪)، و لە کۆتاییشدا بێ وەڵامەکان دێن کە ڕێژەیان (١,٥٪)ە. (خشتەی -٨- ئەمە ڕووندەکاتەوە).

بــە ســەرنجدان لــە خــشتەی (٨) ئــەوەمان بــۆ ڕووندەبێتــەوە کــە ڕێــژەی (٨٥,٥٪) ئەنــدامانی نموونەکە پێیانوایە کـە دەوڵەمەنـدبوونی موراجیـع کاریگەریی لەسەر ئەو مامەڵـە و خزمەتگوزاریانـە هەیــە کــە لەلایــەن دامـوودەزگــا فەرمیەکانــەوە پێشکەشیان دەکرێت.

### ٥- ئینتمای خێلایەتی و بەڕێوەچوونی کارەکان

**خشتەی (٩)**

**کاریگەریی ئینتمای عەشایری موراجیع لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵیدا نیشاندەدات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ٧٤ | ٣٧٪ |
| بەڵێ هەندێجار | ٧٠ | ٣٥٪ |
| نەخێر | ٥٠ | ٢٥٪ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٣٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

بەشێك لە ئەنـدامانی نموونەکـە بەڕێـژەی (٣٧٪) لەگەڵ ئەوەدان کە ئینتمای موراجیع بۆ عەشـیرەتێکی دیـاریکراو لــە شـارەکەدا کاریگـەریی لەســەر ئــەو مامەڵەیــە هەیــە کــە بــەرەورووی دەبێتــەوە لــە داموودەزگا فەرمیەکان، هەروەها ئەوانەی بە وەڵامـی (هەنـدێجار) لەگــەڵ ئــەم ڕایــەدان ڕێــژەیان دەگاتــە (٣٥٪)، بەڵام ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامـی پرسـیاری پەیوەنـدداریان داوەتــەوە ڕێــژەی (٢٥٪) وەڵامــەکان پێکدێنن، لە کۆتاییشدا ڕێژەی بێ وەڵامەکان دێت کە دەگاتە (٣٪). (خشتەی -٩- ئەمە ڕووندەکاتەوە).لە خشتەی (٩)ەوە دەبینین کەرێـژەی (٧٢٪) پێیانوایـە هەمیشە یان بەلایەنی کەمــەوە هەنـدێجار ئینتمـای عەشایری موراجیع کاریگەریی لەسەر بەڕێوەچـوونی کارەکانی هەیە لە داموودەزگا حکومییەکان.

### ٦- خزمایــەتی و پەیوەندییــە عەشــایریەکان و کاریگەریان لەسەر دامەزراندنی کارمەندان:

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئــەوە نیــشاندەدەن کــە زۆربــەی ئەنــدامانی نموونەکــە بەڕێــژەی (٦٣,٥٪) بەتــەواوی لەگــەڵ ئــەوەدان کــە ئــەم پەیوەندیانــە کاریگەرییان لەسەر دامەزراندنی کارمەندان هەیە لە داموودەزگا حکومییەکان و، ئەوانــەی بــە (نــەخێر) وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیان لە (٥٪) تێپەڕ ناکات، لە کۆتاییشدا بێ وەڵامەکان دێـن کـە ڕێـژەیان (٢٪)ی وەڵامەکانە. (خشتەی -١٠- ئەمە ڕووندەکاتەوە).

**خشتەی (١٠)**

**کاریگەریی خزمایەتی و عەشیرەت لەسەر دامەزراندنی کارمەندان ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١٢٧ | ٦٣,٥٪ |
| بەڵێ هەندێجار | ٥٩ | ٢٩,٥٠٪ |
| نەخێر | ١٠ | ٥٪ |
| بێ وەڵام | ٤ | ٢٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی (١٠) ئــەوە نیــشاندەدات کــە زۆرینــەی ڕەهـای نموونەکـە (٩٣٪)ی نموونەکـە پێیانوایـە کـە خزمایەتی و پەیوەندییە عەشـایریەکان کاریگـەریی

لەسەر دامەزراندنی کارمەندان هەیە لە داموودەزگاکانی حکومەت.

### ٧- ڕۆڵی پیاوانی ئایینی:

ڕێژەی (١٥٪)ی نموونەکە پێیانوایە کە پیاوانی ئایینی ڕۆڵی ئیجابیان هەبووە لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری پێویست بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتیان لەلایەن داموودەزگاکانی حکومەت، ئەوانەی بە (هەندێجار) وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیان دەگاتە (٣٤٪)، بەڵام ئەوانەی بە (نەخێر) ڕای خۆیان نیشانداوە ڕێژەیان (٥٠,٥٪)ی نموونەکەیە، هەروەها ڕێژەی (٠,٥٪) بێ وەڵامە. (خشتەی - ١١- ئەمە ڕووندەکاتەوە).

**خشتەی (١١)**

**ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری پێویست بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتیان ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ٣٠ | ١٥ |
| بەڵێ هەندێجار | ٦٨ | ٣٤ |
| نەخێر | ١٠١ | ٥٠,٥ |
| بێ وەڵام | ١ | ٠,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی سەروە ئەوە دەبینین کە ڕێژەی زۆرتری نموونەکە پێیانوایە کە پیاوانی ئایینی نەیانتوانییوە ڕۆڵی ئیجابی ببینن لە هاندانی فەرمانبەرانی حکومەت بۆ باشتر ڕاپەڕاندنی کاروباری هاوڵاتیان.

### ٨- گونجاوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ گوند و شار:

**خشتەی (١٢)**

**گونجاوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ شار و گوند نیشاندەدات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١٦ | ٨ |
| بەڵێ هەندێجار | ٤٣ | ٢١,٥ |
| نەخێر | ١٤١ | ٧٠,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە نیشاندەدەن کە ڕێژەی (٨٪)ی نموونەکە پێیانوایە کە خزمەتگوزارییەکان وەك پێویست پێشکەشی گوند و شار دەکرێت، هەروەها ئەوانەی بە (هەندێجار) وەڵامیانداوەتەوە ڕێژەیان دەگاتە (٢١,٥٪)، بەڵام زۆربەی ئەندامانی نموونەکە بەڕێژەی (٧٠,٥٪) ڕای پێچەوانەیان هەیە.

لە خشتەی (١٢)ەوە دەبینین کە زۆربەی ئەندامانی نموونەکە بەڕێژەی (٧٠,٥٪) پێیانوایە کە جیاوازی هەیە لەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی گوند و شار دەکرێت.

### ٩- کاریگەریی ڕەگەزی موراجیع لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکرێت:

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە نیشاندەدات کە ڕێژەی (٤٢,٥٪) نموونەکە پێیانوایە کە ڕەگەزی موراجیع (نێر یان مێ) کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن هەیە لەگەڵیدا. هەروەها ئەوانەی بە

(هەندێجار) وەڵامیانداوەتەوە ڕێژەیان (٤٤٪)، بەڵام ئەوانەی ئەم کاریگەرییەیان ڕەتکردۆتەوە ڕێژەیان (١٣,٥٪) تێناپەڕێت. (خشتەی -١٣- ئەمە نیشاندەدات)

**خشتەی (١٣)**

**کاریگەریی ڕەگەزی موراجیع لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکرێت ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ٨٥ | ٤٢,٥ |
| بەڵێ هەندێجار | ٨٨ | ٤٤ |
| نەخێر | ٢٧ | ١٣,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

بە سەرنجدان لە خشتەی (١٣) دەبینین کە ڕێژەی (٨٦,٥٪)ی تاکەکانی نموونەکە بەتەواوی یان هەندێجار لەگەڵ ئەوەدان کە ڕەگەزی موراجیع کاریگەریی هەیە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئامانجەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە**

**١- بەدەستهێنانی مافە شەرعیەکان لە ڕێگای گەندەڵی:**

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە نیشاندەدەن کە زۆربەی تاکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٦٠,٥٪) پێیانوایە خەڵکی لە هەندێ باردا بۆ بەدەستهێنانی هەندێ لە مافە ئاساییەکانی خۆیان پەنا بۆ وەسیلەی ناشەرعی دەبەن لە دامودەزگا حکومیەکان. ڕێژەی (٣٤٪) نموونەکەش بە (هەندێجار) لەگەڵ ئەم ڕایەدان، بەڵام ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە، واتە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدانین ڕێژەیان لە (٤,٥٪) تێپەڕ ناکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی بێ وەڵامەکان (١٪)ە. (خشتەی -١٤- ئەمە ڕووندەکاتەوە).

**خشتەی (١٤)**

**پەنابردنی خەڵك بۆ وەسیلەی ناشەرعی بۆ بەدەستهێنانی مافە ئاساییەکانیان نیشاندەدات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١٢١ | ٦٠,٥٠ |
| بەڵێ هەندێجار | ٦٨ | ٣٤ |
| نەخێر | ٩ | ٤,٥ |
| بێ وەڵام | ٢ | ١ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی (١٤)ەوە دەبینین کە زۆرینەی نموونەکە بەڕێژەی (٩٤,٥٪) پێیانوایە بەتەواوی یان هەندێجار خەڵکی بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان ڕێگەی نایاسایی دەگرنەبەر.

**٢- پەنابردن بۆ گەندەڵی وەك ڕێگایەك بۆ بەدیهێنانی سود بۆ خزم و کەس.**

زۆربەی وەڵامەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٥٦,٥٪) پێیانوایە کە بەشی هەرەزۆری نارێکوپێکی کارەکانی دامودەزگاکانی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی دەیانهەوێ زۆرترین سود بۆ خزم و ناسیاوەکانیان مسۆگەر بکەن، ئەوانەی بە (هەندێجار) وەڵامیانداوەتەوە ڕێژەیان دەگاتە (٣٢٪)، بەڵام ئەوانەی ئەم ڕایە ڕەتدەکەنەوە ڕێژەیان

(١٠٪) تێپەڕ ناکات، لە کۆتاییشدا بێ وەڵامەکان دێت کە ڕێژەیان (١,٥٪)ە.

**خشتەی (١٥)**

**پەنابردنی خەڵك بۆ گەندەڵی وەك ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانی سود بۆ خزم و کەس ووندەکاتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١١٣ | ٥٦,٥ |
| بەڵێ هەندێجار | ٦٤ | ٣٢ |
| نەخێر | ٢٠ | ١٠ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

بە سەرنجدان لە خشتەی (١٥) دەبینین کە زۆرینەی ڕەهای نموونەکە بەڕێژەی (٨٨,٥٪) پێیانوایە یەکێك لە ئامانجەکانی گەندەڵی، پەنابردنە بۆ هەر ڕێگایەك بۆ بەدیهێنانی سود بۆ خزم و کەسیان.

**٣- بەدیهێنانی سودی ناشەرعی بۆ لایەنگرانی حیزب:**

زۆرینەی وەڵامەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٥٥٪) لەگەڵ ئەوەدان کە ئامانجی سەرەکی دەستخستنە ناو داموودەزگاکانی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی سودی ناشەرعی بۆ لایەنگرانی حیزب، هەروەها ئەوانەی بە (هەندێجار) وەڵامیانداوەتەوە ڕێژەیان (٢٣٪)، ئەمە لە کاتێکدایە ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە ڕێژەیان دەگاتە (١٩٪)، و لە کۆتاییشدا (بێ وەڵامەکان) دێن کە ڕێژەیان (٣٪)ە. (خشتەی-١٦- ئەمە ڕووندەکاتەوە).

**خشتەی (١٦)**

**بەدیهێنانی سودی ناشەرعی بۆ لایەنگرانی حیزب نیشاندەدات**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١١٠ | ٥٥ |
| بەڵێ هەندێجار | ٤٦ | ٢٣ |
| نەخێر | ٣٨ | ١٩ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٦) ئەوە نیشاندەدەن کە ڕێژەی (٧٨٪) نموونەکە ڕایانوایە کە بەدیهێنانی زۆرترین سودی ناشەرعی بۆ لایەنگرانی حیزب یەکێکە لە هۆکارەکانی گەندەڵی.

**٤- تەدەخولکردن لە داموودەزگاکانی حکومەت لەپێناو مسۆگەرکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکی تایبەت:**

ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە نیشان دەدەن کە ڕێژەی (٥٤٪)ی نموونەکە پێیانوایە کە ئامانجی تەدەخولکردن لە دەزگاکانی حکومەت مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی هەندێ لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەیە بۆ خەڵکی تایبەت، هەروەها ئەوانەی بە (هەندێجار) وەڵامیانداوەتەوە ڕێژەیان (٣٣,٥٪)ە، بەڵام ئەوانەی ئەم ڕایەیان نیە ڕێژەیان لە (١٠,٥٪) تێپەڕ ناکات. لە کۆتاییشدا (بێ وەڵامەکان) دێن کە ڕێژەکەیان دەگاتە (٢٪). (خشتەی -١٧- ئەوە نیشاندەدات).

### خشتەی (١٧)
### تەدەخولکردن لە دەزگاکانی حکومەت بۆ مسۆگەرکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکی تایبەت

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ بەتەواوی | ١٠٨ | ٥٤ |
| بەڵێ هەندێجار | ٦٧ | ٣٣,٥ |
| نەخێر | ٢١ | ١٠,٥ |
| بێ وەڵام | ٤ | ٢٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی سەرەوە دەبینین کە ڕێژەی (٨٧,٥٪) لەگەڵ ئەوەدان یەکێك لە ئامانجەکانی گەندەڵی وەدەستهێنانی جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانە بۆ خەڵکی تایبەت.

**- کاریگەریی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر پرسیاری تایبەت بە جیاوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هاولاتیان بەپێی ڕەگەزیان (نێر، مێ)**

ئەنجامەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ڕێژەی (٣١,٥٪)ی ڕەگەزی (نێر) و (١١٪) لە ڕەگەزی (مێ) پێیانوایە کە ڕەگەزی موراجیع کاریگەریی هەیە لەسەر جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ هاولاتی، هەروەها ئەوانەی بە (هەندێجار) وەڵامیانداوەتەوە ڕێژەیان لە هەردوو ڕەگەزدا بریتییە لە (٣٥,٥٪) و (١١,٥٪)، وە ئەوانەی کە وەڵامەکانیان (نەخێر) لە هەردوو ڕەگەزدا لە (٥٪) بۆ نێر و لە (٨,٥٪) تێپەر ناکات. (خشتەی -١٨- ئەمە ڕووندەکاتەوە).

### خشتەی (١٨)
### کاریگەریی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر پرسیاری تایبەت بە جیاوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هاولاتیان بەپێی ڕەگەز (نێر، مێ) نیشاندەدات

| ڕەگەز / وەڵامەکان | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ بە تەواوی | ٦٣<br>٣١,٥٪ | ٢٢<br>١١٪ | ٨٥<br>٤٢,٥٪ |
| بەڵێ هەندێجار | ٦٥<br>٣٢,٥٪ | ٢٣<br>١١,٥٪ | ٨٨<br>٤٤٪ |
| نەخێر | ١٠<br>٥٪ | ١٧<br>٨,٥٪ | ٢٧<br>١٣,٥٪ |
| کۆی گشتی | ١٣٨<br>٦٩٪ | ٦٢<br>٣١٪ | ٢٠٠<br>١٠٠٪ |

بە سەرنجدان لە خشتەی (١٨) دەبینین کە هەردوو ڕەگەز ڕایەکی هاوشێوەیان نیە سەبارەت بە هەمان بابەت، واتە جیاوازییەك هەست پێدەکرێت بەپێی ڕەگەز لەسەر وەڵامەکان.

**- کاریگەریی ئەندامێتی لە پارتە سیاسیەکان لەسەر وەڵامی تاکەکانی نمونەکە:**

وەڵامی تاکەکانی نمونەکە ئەوە نیشاندەدات کە ئەوانەی ئەندامن لە پارتە سیاسیەکان بەڕێژەی (١٢,٥٪) پێیانوایە دەستدەخرێتە ناو کاروباری دەزگاکانی حکومەت بۆ بەدەستهێنانی سودی ناشەرعی بۆ لایەنگرانی حیزب، هەروەها (٩٪) بە هەندێجار وەڵامیانداوەتەوە، بەڵام ئەم دوو ڕێژەیە بۆ ئەوانەی ئەندام نین لە پارتە سیاسیەکان بەرز دەبێتەوە بۆ (٣٨٪) بە بەڵێ و (١٣٪) بە هەندێجار.

**خشتەی (١٩)**

**کاریگەریی ئەندامێتی لە پارتە سیاسیەکان**

**رووندەکاتەوە**

| ئەندامێتی لە پارتە سیاسیەکان بەدەستهێنانی سود بۆ لایەنگرانی | بەڵێ | نەخێر | بێ وەڵام | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| بەڵێ بە تەواوی | ٢٥<br>١٢,٥٪ | ٧٦<br>٣٨٪ | ٩<br>٤,٥٪ | ١١٠<br>٥٥٪ |
| بەڵێ هەندێجار | ١٨<br>٩٪ | ٢٦<br>١٣٪ | ٢<br>١٪ | ٤٦<br>٢٣٪ |
| نەخێر | ١٦<br>٨٪ | ٢٠<br>١٠٪ | ٢<br>١٪ | ٣٨<br>١٩٪ |
| بێ وەڵام | ٢<br>١٪ | ٣<br>١,٥٪ | ١<br>٠,٥٪ | ٦<br>٣٪ |
| کۆی گشتی | ٦١<br>٣٠,٥٪ | ١٢٥<br>٦٢,٥٪ | ١٤<br>٧٪ | ٢٠٠<br>١٠٠٪ |

لە خشتەی (١٩)ەوە دەبینین کە جیاوازییەکی دیار هەیە لە نێوان ئەوانەی لە پارتە سیاسیەکانن لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوەی پارتەکاندان واتە بەگشتی ئەوانەی ئەندامن لە پارتەکان زیاتر نکوڵی لەوە دەکەن کە پارتەکانیان هەوڵی بەدیهێنانی سودی ناشەرعی دەدەن بۆ ئەندامەکانیان.

**ئامانجی چوارەم: دەستنیشانکردنی ئەو دیاردانە یان ئەو رووخسارانەی گەندەڵی کە زۆر باون لە دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەت:**

ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی نموونەکە بەرێژەی (٧٨٪) واسیتە بۆ خزموکەس بە بەربلاوترین روخساری گەندەڵی دەزانن، پاش ئەو رێژەیە تەدەخولی بەرپرسان لە حیزب و حکومەت دێت بە رێژەی (٧٤٪)، لە پلەی سێیەمدا دەوڵەمەندبوونی خێرا و لەناکاوی بەرپرسان و بەرێوەبەرانی دامودەزگاکان دێت کە ئەویش رێژەکەی دەگاتە (٦٩,٥٪). هەروەها بەرتیلدانیش بە یەکێك لە دیاردە باوەکانی گەندەڵی دادەنرێت لە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە کە رێژەکەی بریتییە لە (٦٣٪). هاوشان لەگەڵ ئەمانەشدا نەبوونی سنورێکی روون لە نێوان حیزب و حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەت بە بەرپرسان هەریەکە بەرێژەی (٥٩٪) بە دیاردەی گەندەڵی دادەنرێت لە وەڵامەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەدا. پاش ئەم رێژانەش نایەکسانی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەسەر گەڕەکەکانی شار بەرێژەی (٥٧,٥٪) و بەکارهێنانی مومتەلەکاتی دەوڵەت بەرێژەی (٥٦٪) و نەبوونی شەفافیەت لە سەرمایەی پرۆژەکان و چۆنیەتی بەرێوەچوونی کارەکانیان بەرێژەی (٥٢,٥٪) دێت. لە کۆتاییشدا کەمترین رێژە واتە (٢١,٥٪) دێت بۆ زۆری فەرمانبەران بە بەراوردکردن لەگەڵ ژمارەی پێویست. (خشتەی - ٢٠- ئەمە رووندەکاتەوە).

## خشتەی (٢٠)
## ڕوخسارەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە ڕووندەکاتەوە

| ڕووخسارەکانی گەندەڵی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| واسیتە بۆ خزموکەس | ١٥٦ | ١٣,١٥ |
| تەدەخولی بەرپرسانی حیزب و حکومەت | ١٤٨ | ١٢,٤٧ |
| دەوڵەمەندبوونی لە ناکاوی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی دامودەزگاکان | ١٣٩ | ١١,٧٢ |
| بەرتیلدان | ١٢٦ | ١٠,٦٢ |
| نەبوونی سنورێکی روون لە نێوان حیزب و حکومەت | ١١٨ | ٩,٩٤ |
| پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەت بە بەرپرسان | ١١٨ | ٩,٩٤ |
| نایەکسانی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەسەر گەڕەکەکانی شار | ١١٥ | ٩,٦٩ |
| بەکارهێنانی مومتەلەکاتی دەوڵەت بۆ کاروباری شەخسی | ١١٢ | ٩,٤٤ |
| نەبوونی شەفافیەت لە سەرمایەی پرۆژەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانیان | ١٠٥ | ٨,٨٥ |
| زۆری فەرمانبەران بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی پێویست | ٤٩ | ٤,١٣ |
| کۆی گشتی | ١١٨٦(*) | ٩٩,٩ |

## دەرەئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە

١- چەندین فاکتەر لە دیدی تاکەکانی نموونەکەدا بەشداریان هەیە لە سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە، تەدەخولات و هەژموونی حیزب لە کاروباری ئیداری ناوچەکە بە هۆکاری سەرەکی ئەم گرفتە دەزانرێت، پاشان نەبوون یان لاوازی پرەنسپی لێپێچانەوە و شەفافیەت دێت وەك هۆکاری دووەم. هەروەها دەتوانین بڵێین رادەی توندوتۆڵی پەیوەندییە خزمایەتییەکان و رەنگدانەوەیان بەسەر تێکڕای بەڕێوەچوونی کارەکان لە دەزگا فەرمیەکانی حکومەت وایکردووە کە ئەم هۆکارە بە پلەی سێیەم بێت لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی گەندەڵی. دیارە لە پاڵ ئەم هۆکارانەی سەرەوە، هۆکارەکانی وەك لاوازی و بێتوانایی دادگا، نەبوونی راگەیاندنی سەربەخۆ، بێمتمانەیی خەڵك بە کارمەندانی حکومەت، زاڵبوونی بەها خێڵایەتییەکان هەریەکە و بەرێژیەك بەرپرسیاریەتیان هەیە لە دروستبوونی گرفتی گەندەڵی، خشتەی (٤) ئەمە ڕووندەکاتەوە.

٢- زۆرینەی ڕەهای نموونەی لێکۆڵینەوە پێیانوایە کە پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان موراجیع لەلایەك و کارمەندانی دامودەزگا حکومییەکان لەلایەکی تر، کاریگەریی سلبی هەیە لەسەر بەڕێوەچوونی کاروباری ئەم دەزگایانە (بڕوانە خشتەی-٥-). وا دیارە بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە ناویشیاندا پەیوەندیە خزمایەتیەکان تا ئێستاش ئەوەندە بەهێزن کە کاریگەرییان تەنانەت لە بواری فەرمی ژیانی کۆمەڵایەتیش بەرجەستە و دیاربێت.

٣- بەهێزی پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان موراجیع و فەرمانبەر وایکردووە هەمیشە موراجیع چاوەڕوانی ئەوە بێت لە فەرمانبەرە خزمەکەی لەکاتی سەردانی بۆ دامودەزگا حکومیەکان ئەولەویەتی پێبدرێت و کارەکانی بە خێرایی رابپەڕێنێت وە هەر دواکەوتنێك یان خۆگرخاندنێك لە جێبەجێکردنی ئەو ئیلتیزامە خزمایەتیانە سزای کۆمەڵایەتی بۆ فەرمانبەر بە دواوە

دەبێت، کە ڕەنگە ئەویش شێواز و پلەی جیاواز وەربگرێت. ئەنجامەکانی خشتەی (٦) ئەم دەرئەنجامە پشتڕاست دەکەن.

٤- ڕەوشی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کە خۆی لە سەروەری بەها خێڵایەتییەکان و نزمی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لەلای هاوڵاتیان و کارمەندانی حکومەت دەبینێتەوە لە دیدی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی نموونەکە بە هۆکاری خراپ بەڕێوەچوونی کاروباری دامودەزگا فەرمییەکان دادەنرێت. بڕوانە خشتەی (٧). واپێدەچێت هەستی ئینتما و وەفاداری بۆ عەشیرەت و ناوچەیەکی دیاریکراو بەهێزتر بێت لەهەمان هەست بۆ نیشتمان بەگشتی، جا لە بارودۆخێکی ئاوادا کە ئینتما لاوەکییەکان سەروەر دەبن، ئەوا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیش بەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکاندا زاڵدەبن و ئەنجامیش بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی زۆری رووخسارەکانی نادادپەروەرییە لە کۆمەڵگادا.

٥- دەتوانین بەهێزبوونی بەها مادییەکان و ڕەنگدانەوەیان بەسەر عەقلیەت و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا بە یەکێك لە سیماکانی کولتووری ئێستای کۆمەڵگای کوردەواری بزانین. هەژموونی ئەم بەهایانە وایکردووە کە زۆرینەی ڕەهای تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە (بڕوانەی خشتەی -٨-) پێیانوابێ کە ڕادەی دەوڵەمەندی یان هەژاری موراجیع کاریگەریی لەسەر ئەو مامەڵەیە هەیە کە بەرەوڕووی دەبێتەوە لە دامودەزگاکانی حکومەت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هاڵاواردن هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك لەسەر بنەمای مادی.

٦- لە پەیوەندی لەگەڵ خاڵی (٤) دەتوانین بڵێین کە تا ئێستاش ئینتمای عەشایری لە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەدا هێز و کاریگەریی خۆی تاڕادەیەکی زۆر پاراستووە. لێکۆڵینەوە ئەوە نیشاندەدات کە زۆرینەی ئەندامانی نموونە (بڕوانە خشتە -٩-) پێیانوایە کە ئینتما بۆ عەشیرەتێکی دیاریکراو لە ناوچەکەدا کاریگەریی باشی یان خراپی دەبێ لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتی لە دامودەزگا حکومیەکان.

٧- یەکێك لە دەرهاوێشتە یان رووخسارەکانی هەبوون و زاڵبوونی پەیوەندییە خزمایەتی و عەشایێریەکان دامەزراندنی خەڵکیە لە دامودەزگاکانی حکومەت لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییانە. (خشتەی -١٤-) ئەوە نیشاندەدات کە زۆرینەی ڕەهای تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە جەخت لەسەر ئەم ڕاستیە دەکەنەوە بێگومان ئەمەش دژیەکی لەگەڵ ئەو پرەنسیپە هەیە کە دەبێ تاکەکان لەسەر بنەمای توانا و لێهاتووییە کەسیەکانی خۆیان لە شوێنی گونجاو لەگەڵ ئەم تواناییانە دابمەزرێن نەك هیچ بنەمایەکی تر.

٨- پیاوانی ئاینی لە کۆمەڵگای کوردستانیدا بەشێوەیەکی گشتی و لە ناوچە گوندنشین و دورە دەستەکان تا ئێستاش دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییان هەیە بەسەر تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوە ئەوە نیشاندەدات کە لاوازییەکی بەرچاو هەیە لە ڕۆڵی ئیجابی پیاوانی ئایینی سەبارەت بە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری پێویست بە کارمەندانی حکومەت و خەڵکی بۆ ڕێکوپێك ڕاپەراندنی کارەکان و لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی عەدالەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیدا. (بگەڕێوە بۆ خشتەی -١١-)، ئەم دەرئەنجامە ئەم گریمانەیە بەهێز دەکات کە دەڵێ (پیاوانی ئایینی لە کۆمەڵی کوردەواری نەیانتوانیوە لە کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگا بە وردی نزیکببنەوە و لە هەمان کاتیشدا هەر خۆیان بەشێك لە چارەسەر پێکبهێنن).

٩- بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی شار و گوند دەکرێن. زۆربەی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە (بڕوانە خشتەی -١٢-) ئاماژەیان بەم ڕاستیەداوە. وەك دیارە هەبوونی ئەم بۆشاییە لە ڕادەی گرنگیدان بە سەنتەرە شارنشینییە گەورەکان و ناوچە لادێیەکانی یەکێکە لە خاڵە جیاکەرەوەکانی سیاسەتە ناڕاستەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم، لە کۆتاییشدا ئەم سیاسەتانە دەرهاوێشتەی گەلێ

نێگەتیڤی لەسەر بونیادی گوندنشینی و كۆی ڕەوشی ئابووری و كۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە جێهێشتووە.

١٠- لێكۆڵینەوە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی كە زۆرینەی رەهای نموونەی لێكۆڵینەوە پێیانوایە كە رەگەزی موراجیع (نێر- مێ) كاریگەریی لەسەر ئەو مامەڵەیە هەیە كە لەگەڵ هاوڵاتیان دەكرێت لە دامەزراوەكانی حكومەت. (بڕوانە خشتەی -١٣-)، هەروەها جیاوازیش هەیە لە نێوان هەردوو رەگەزەكەدا سەبارەت بەم بابەتە، بەواتا زۆربەی تاكەكانی نموونەكە لە رەگەزی نێر زیاتر پێیانوایە كە رەگەز ئەم كاریگەرییەی هەیە. رەنگە ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە ئافرەت بە شێوەیەكی گشتی لە كۆمەڵی كوردەواری مامەڵەیەكی تایبەتی لەگەڵدا دەكرێت، بە زۆریش لەكاتی سەردانی دامودەزگاكان هەوڵدەدرێ زووتر كارەكانی بۆ جێبەجێ بكرێت، بەڵكو ئەمەش وا بكات لە ئەركەكانی ماڵەوە دوانەكەوێت.

١١- پێدەچێ سەختی بەڕێوەچوونی مامەڵە ئیدارییەكان و زۆریی ڕێوشوێنە رۆتینییەكان لە دامودەزگاكانی حكومەت وایكردبێت خەڵكی لە هەندێ باردا تەنها بۆ بەدیهێنانی هەندێ لە مافە ئاساییەكانی خۆیان وەك دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری یان بەڵگەنامەی پاسپۆرت پەنا بۆ ئامرازی ناشەرعی بەرن. (خشەی -١٤-) ئەم دەرئەنجامە پشتڕاست دەكەنەوە.

١٢- پەنابردن بۆ گەندەڵی و وەسیلە نایاساییەكان رێگایەكی سەرەكییە بۆ بەدیهێنانی سود بۆ خزموكەس (بڕوانە خشتەی -١٥-)، ئەم دەرئەنجامەش كۆكە لەگەڵ دەرئەنجامەكانی پێشوتر سەبارەت بە كاریگەریی پەیوەندییە خزمایەتی و عەشایریەكان لەسەر ئەم بابەتە.

١٣- دەستخستنەناو دەزگاكانی حكومەت بۆ مسۆگەركردنی زۆرترین سود بۆ لایەنگرانی حزبێكی دیاریكراو ئامانجێكی سەرەكی گەندەڵییە. هەروەها ئەم دەرئەنجامەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامەكانی (خشتەی -١٦-)، ئەمە رێگر نییە لەبەردەم هەبوونی جیاوازی لە نێوان ئەو كەسانەی كە لە پارتە سیاسیەكاندا ئەندامن و ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم پارتانەدان، بە واتە ئەوانەی ئەندامن لە حیزبە سیاسیەكان زیاتر نكوڵی لەم مەسەلەیە دەكەن (بڕوانە خشتەی -١٩-).

١٤- هەوڵدان لەپێناو مسۆگەركردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەكان بۆ خەڵكی تایبەت یەكێكە لە ئەنجامەكانی گەندەڵی لە كۆمەڵگای لێكۆڵینەوە (بڕوانە خشتەی -١٧-). ئەمەش تایبەتمەندییەكی كۆمەڵگاكانی دوای شەڕە كە بە قۆناغی دووبارە بنیاتنانەوەدا تێدەپەڕن. لەم قۆناغەدا ئەگەر چوارچێوەیەكی یاسایی و دامەزراوەیی ئیداری پیشەیی پێشكەوتوو لە كۆمەڵگادا بوونی نەبێ، ئەوا گەندەڵییەكی زۆر دەكەوێتە جێبەجێكردنی پرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە.

١٥- كۆمەڵگای لێكۆڵینەوە بەدەست چەندین رووخساری گەندەڵییەوە دەناڵێنێ لەوانە: واسیتە بۆ خزم و كەس، دەستێوەردانی بەرپرسانی حیزب و حكومەت، دەوڵەمەندبوونی خێراو لەناكاوی بەرپرسان، بەرتیلدان، نەبوونی سنور لە نێوان حیزب و حكومەت، پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری تایبەت بە بەرپرسان، نایەكسانی لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بەسەر گەڕەكەكانی شار، بەكارهێنانی مومتەلەكاتی دەوڵەت بۆ كاروباری شەخسی، نەبوونی شەفافیەت لەسەرمایەی پرۆژەكان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی كارەكانیان، لە كۆتاییشدا زۆری فەرمانبەران بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی پێویست، خشتەی (٢٠) ئەم دەرئەنجامە پشتڕاستدەكاتەوە.

---

١- بوريس بيجوفيتش، أراء في الفساد.. الاسباب و النتائج، ضمن نشرة الاصلاح الاقتصادي يصدرها مركز المشروعات الدولية الخاصة، ٢٠٠٥، ص٢٣.

* تاكەكانی نموونەكە بۆیان هەبووە زیاتر لە هۆكارێك دیاری بكەن.

* رێگادراوە بە هەڵبژاردنی زیاتر لە وەڵامێك.